# ترس زمانی لێ سەندمەوە

## (وتاری یۆن فۆسە لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ)دا

لە نەرویجی نوێوە: هاودەم ساڵح جاف
(نەرویج)

**زمانێکی بێدەنگ، یۆن فۆسە**

کە لە قوتابخانەی ناوەندی بووم، کتوپڕ ڕووی دا، مامۆستاکەمان داوای لێ کردم بەدەنگی بەرز بخوێنمەوە. لەپڕ لە نا شوێنێکەوە ترس دایگرتم و تەواو بەسەرمدا زاڵ بوو. چۆن بڵێی لە نێو ترسەکەدا گوم بووم و بووم بە ئەو. هەستامە سەرپێ و بە ڕاکردن لە پۆل چوومە دەرەوە.

تێبینی چاوی زەقبووەوەی قوتابییەکان و مامۆستام کرد تا دەرەوەی پۆلەکە بەشوێنمەوە بوون، پاشان هەوڵم دا ئەو ڕەفتارە سەیرەم بەوە ڕوون بکەمەوە کە دەبوایە بچم بۆ ئاودەست. ئەوانەی گوێیان لەو قسەیەم بوو چاک ڕوخساریانم بینی، باوەڕیان پێ نەدەکردم و ئەوان زیاتر بیریان بۆ ئەوە دەچوو من تێکچووبێتم، بەڵێ بەرە بەرە بەرەو شێت بوونیش بچم.

ترسی بەدەنگی بەرز خوێندنەوەم لەگەڵ مایەوە، دواتر وردە وردە جورئەتم کرد داوا لە مامۆستاکان بکەم لێم گەڕێن بەدەنگی بەرز نەخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی من زۆر لە بەدەنگی بەرز خوێندنەوە ترسم هەبوو، هەندێکیان باوەڕیان پێ دەکردم و لێم دەگەڕان، هەندێکی تریان لەو باوەڕەدا بوون من بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵیاندا خەریکی فرتوفێڵم. من شتێکی گرنگ دەربارەی مرۆڤ لەم ئەزموونەوە

فێر بووم، گەلێ شتی دیکەش فێر بووم. بەڵێ بەهەقیقەت ڕەنگە ئەو شتەش کە وا دەکات من ئەمڕۆ بتوانم لە کۆبوونەوەیەکدا بوەستم و بەدەنگی بەرز بخوێنمەوە، ئەوجا تاڕادەیەکیش تەواو بەبێ ترس.

**ئەوەی من فێری بووم چی بوو؟**

بەشێوەیەک وابوو ترس زمانی لێ ستاندبوومەوە و منیش چۆن بڵێی دەبوایە بیستێنمەوە، ئەوجا بۆ ئەوەی بتوانم ئەوە بکەم، نەدەبوو بە مەرجی کەسی دیکە ئەو کارە بکەم، بەڵکوو بە مەرجی خودی خۆم بوو. من دەبوایە دەقی خۆم بنووسیبایە، شیعری کورت و کورتە چیرۆک.

ئەوجا من ئەوەم ئەزموون کرد کە خۆدانە ئەو کارە ئاسوودەییم پێ دەبەخشێ، ئەوەی دەیدامێ پێچەوانەی ترس بوو. وەک ئەوەی من شوێنێکم لە ناخی خۆمدا دۆزیبووەوە کە هەر بە تەنیا هی خۆم بوو، لەو شوێنەشەوە دەمتوانی ئەوە بنووسم کە هەر هی خۆم بوو. ئێستا، نزیکەی پەنجا ساڵ دوای ئەوە، هێشتا من هەر دانیشتووم دەنووسم و هێشتا هەر لەو شوێنە نهێنییەی نێو خۆشمەوە دەنووسم، شوێنێک کە بەڕاستی بڵێم هیچی دیکەی لەبارەوە نازانم، لەوە زیاتر کە هەیە.

شاعیری نەرویجی ئۆلاف هـ هەوگە شیعرێکی نووسیوە، لەو شیعرەدا، ئەو شیعر نووسین بەوە بەراورد دەکات، منداڵێک بیت و لە گەڵا و لقوپۆپی درەخت، لە دارستانێکدا کۆختێک دروست بکەیت، ئەوجا بچیتە نێوی و مۆمێک دابگیرسێنیت و لەوێدا لێی دانیشیت و لە تاریکی ئێوارانی پاییزدا هەست بە ئاسوودەیی بکەیت. پێموایە ئەوە وێنەنیانکردنێکی گونجاوە بۆ ئەوەی کە چۆن چۆنی من ئەزموونی نووسین دەکەم. ئێستا هەروەک پەنجا ساڵ لەمەوبەر،



**یۆن فۆسە**

ئەوجا زۆریش فێر بووم، فێربووم کە لە هەموو حاڵەتێکدا بۆ من، جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان زمانی قسەکردن و زمانی نووسیندا، یان لە نێوان زمانی قسەکردن و زمانی ئەدەبدا.

چونکە هەر یەکێک لەو بەرهەمانەی من نووسیومن، وەک بڵێی گەردوونێکی خەیاڵییە بۆ خۆی، جیهانێک بۆ خۆی. دنیایەک کە بۆ هەر شانۆنامەیەک، بۆ هەر ڕۆمانێک نوێیە، بەڵام شیعرێکی چاکیش، چونکە من بڕێکی باشیش شیعرم نووسیوە، گەردوونێکە و تایبەت بە خۆی، بەشێوەیەکی سەرەکی پێوەندی بە خۆیەوە هەیە، ئەوجا ڕەنگە ئەوەشی دەیخوێنێتەوە بچێتە نێو گەردوونی شیعرەکەوە، بەڵێ وەک جۆرێک هاوپشک زیاتر وەک لە پێوەندی. هەر بەو بۆنەیەوە ڕەنگە ئەوەی [دەیڵێم] بێ دوودڵی هەموو ئەو بەرهەمانە بگرێتەوە کە من نووسیومن.

بەدڵنیاییەوە من لە هەموو حاڵەتێکدا هەرگیز لەپێناو خۆ دەربڕیندا نەمنووسیوە، وەک ئاوهایان ناوناوە، بگرە زیاتر لەپێناو ئەوەدا بووە لە خۆم دوورکەومەوە.

لەبارەی ئەوەی من بووم بە درامانووس

[شانۆنامەنووس]، بەڵێ دەبێ چی بڵێم؟
من ڕۆمان و شیعرم دەنووسی و حەزم نەدەکرد بۆ شانۆ بنووسم، بەڵام کاتی خۆی ئەوەم کرد لەبەر ئەوەی من- لە تاقیکردنەوەیەکی پارە بۆ تەرخانکراوی گشتیدا بۆ نووسینی درامای نەرویجی نوێ- ئەو پێشنیارە بۆ منێک کە نووسەرێکی هەژار حاڵ بووم، ئەو پارەیە ڕیکەوتێکی چاک بوو بۆ نووسینی سەرەتای شانۆنامەیەک، ئەوجا زیاتر تێهەڵکشا بۆ نووسینی شانۆنامەیەکی تەواو، یەکەم شانۆنامە و ئەو شانۆنامەیەی من «کەسێک هەر دێ» (١) - کە تا ئێستاش زۆرترین نمایشی هەیە.

بۆ یەکەم جار شانۆنامە نووسین کتوپڕییەکی گەورە بوو لە تەواوی ژیانی ئەدەبی مندا، چونکە هەم لە پەخشان و هەم لە شیعر نووسینیشدا من هەوڵی نووسینی ئەوەم دابوو کە بە شێوەیەکی ئاسایی- بە شێوەیەکی گوتراوی ئاسایی- بە وشە ناتوانرێ بگوترێ. بەڵێ ڕێک ئەوە. من هەوڵی نووسینی ئەو نەگوتراوەم دا، وەک ئەوەی لە [گوتاری] دامەزراوی [نۆبڵ]دا باس کرا کاتێک بڕیار لەسەر ئەوە درا کە من ببمە براوەی خەڵاتی نۆبڵ. لە ژیاندا ئەوەی گرنگترینە ناگوترێ، تەنیا دەنووسرێ، بۆ ئەوەی ئێستا گوتەیەکی ناوداری چاک دریدا کەمێک ئاوەژوو بکەینەوە.

کەواتە من هەوڵم داوە ئەو گوتارە بێدەنگە بکەم بە وشە.

ئەوجا کاتێک دەستم دایە دراما نووسین، توانیم سوود لەو گوتارە بێدەنگە وەرگرم، فراوانی بکەم، بەجۆرێک لەوەی پەخشان و شیعر تەواو جیاوازتر. تەنیا هەر وشەی پشووم بنووسیایە، بەڵێ ئیدی ئەو گوتارە بێدەنگە ئامادە بوو، ئەوجا لە دراماکانی منیشدا وشەی پشوو بەبێ شک گرنگترین و بە کەڵکترین وشەیە- پشوویەکی درێژ، پشوویەکی کورت، یان تەنیا پشوو. لەو پشووانەدا دەشێ زۆر شت هەبێ، یان زۆر کەم. وەک ئەو شتەی کە ناتوانرێ بگوترێ، ئەو شتەی کە ناخوازرێ بگوترێ، یان باشترین شت ئەوەی کە بگوترێ بەبێ ئەوەی هیچ بگوترێ.

لەگەڵ ئەوەشدا من تەواو دڵنیام لەوەی کە ئەوەی لە نێو پشووەکانەوە زیاتر دەدوێ بێدەنگییە. لە پەخشانەکانمدا ڕەنگە هەموو دووبارەکردنەوەکانی من لە دراماکاندا هەمان وەزیفەی پشووەکانی هەبێ، یان ڕەنگە من ئاوها بیر لەوە بکەمەوە کە لەبەر ئەوەی لە شانۆنامەکاندا گوتارێکی خامۆش ئامادەیە، ئەوە لە ڕۆمانیشدا زمانێکی خامۆش لە پشت ئەو زمانە نووسراوەوە هەیە و ئەگەر من باش بنووسم، ئەوە پێویستە ئەو زمانە خامۆشەش بە نووسین پیشان بدرێ، بۆ نموونە لە سێپتۆلۆژییەکە (٢) [حەوتینییەکە]دا زمانەکە خامۆشە، با ئێستا دوو نموونەی سادە و جێگیر بێنمەوە کە دەڵێ ئەسڵە (٣)ی یەکەم و ئەسڵە (٤)ی دووەم هەر هەمان کەسن و هەموو ئەو ڕۆمانە دووروودرێژەش، لەدەوری هەزار و دووسەد لاپەڕەدا، بەهەقیقەت ڕەنگە تەنیا نووسینەوەی ئێستایەکی نیشاندراوی بەرفراوانکراو بێ.

وەلێ لە تەواوی داهێنانی بەرهەمێکی نووسیندا، زیاتر گوتارێکی خامۆش، یان نووسینێکی خامۆش قسە دەکات، سا ئەوە ڕۆمان بێ، یان شانۆنامە، یان بەرهەمێکی شانۆیی، ئیدی خودی بەشەکان گرنگ نین، ئەوەی گرنگە تێکڕای داهێنانەکەیە کە دیسان پێویستە لەهەریەک لە بەشە بچووکەکاندا ورد بێتەوە، یان ڕەنگە من بوێری ئەوە بکەم لەبارەی ڕۆحی سەرتاپایی داهێنانەوە قسەبکەم،

وەک چۆن بڵێی هۆش هەم لە نزیک و هەم لە دوور قسە دەکات.

ئەوسا ئیتر مرۆڤ گوێی لە چی دەبێ، ئەگەر بە باشی گوێ بگرێ؟ ئەو کەسە گوێی لە بێدەنگی دەبێ، ئەوجا وەک گوتراویشە، کەسێک هەر لە بێدەنگیدا دەتوانێ دەنگی خوا ببیستێ.

(لەوانەیە وابێ.)

بۆ ئەوەی ئێستا بگەڕێمەوە سەر زەوی، دەخوازم ناوی شتێکی دیکە بەرم کە نووسین بۆ شانۆ پێی داوم. نووسین تەنیاییە، وەک گوتراوە و تەنیایی شتێکی باشە، بۆ ئەوەی لە شیعرێکی دیکەی هـ هەوگە بخوازمەوە - هەتا ئەو کاتەی ڕێگە بەرەو ئەوی دیکە والآیە، ئەوجا ئەوەی کاری لێم کرد، ئەو کاتە بوو بۆ یەکەم جار شتێکم بینی لەسەر شانۆ نمایش کرا، کە من نووسیبووم، بەڵێ ئەوە دروست پێچەوانەی تەنیایی بوو، شتێکی هاوبەش بوو، بەڵێ هونەر داهێنان لە ڕێگەی بەشکردنی هونەرەوە، ئەوە دڵخۆشی و ئاسوودەییەکی گەورەی پێ بەخشیم.

ئەو ئەزموونە دواتر یاوەرم مایەوە و تا ڕادەیەک کارێکی کرد نەک تەنیا بە ئارامییەوە لەگەڵ بیر و هۆشمدا هەڵکەم، بەڵکوو جۆرە خۆشحاڵییەکیشی تێدا بوو بەرانبەر خودی بەرهەمە خراپە شانۆییەکانی خۆشم.

شانۆ بەڕاستی گوێگرتنێکی گەورەیە، پێویستە ڕێژیسۆرێک، یان لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ وابێ، گوێ لە دەقەکە بگرێ، هەروەک چۆن ئەکتەرەکان گوێ لەدەقەکە و لەیەکتری و لە ڕێژیسۆر، هەروەها بینەرانیش گوێ لە تەواوی نمایشەکە دەگرن.

نووسین بۆ من گوێگرتنە: کاتێک دەنووسم هەرگیز من بیر لە هیچ ناکەمەوە، من هیچ پلانێک داناڕێژم، من لەبەرەو پێشەوە چووندا گوێ دەگرم، ئەوجا سوود لە خوازراوێک وەردەگرم، چونکە ئەوەی بنووسێ، پێویستە گوێی لێ بگیرێ. بێگومان شیعر تاڕادەیەکی زۆر مۆسیقا بەبیر دێنێتەوە. کاتی خۆی، لە مێردمنداڵیمدا، چۆن بڵێی ڕاستەوخۆ بەرەو ئەوە چووم کە تەنیا سەرقاڵی مۆسیقا و نووسین بم. بەڕاستی من دەستم هەم لە ژەنینی مۆسیقا و هەم لە گوێ لە مۆسیقاگرتنیش هەڵ گرت و دەستم کرد بە نووسین، لە نووسینیشدا هەوڵم دا شتێک لەبارەی ئەو کاتەوە بنووسم کە کاتی مۆسیقاژەنین ئەزموونم کردبوو. ئەوە ئەو کاتە ئاوهام دەکرد و ئێستاش هەر ئاوها دەکەم.

شتیکی دیکە، ڕەنگە کەمێک سەیر بێ، ئەوەیە من هەمیشە کاتێک لە کاتەکان کە دەمنووسی، تووشی هۆشیارییەکی وا دەهاتم کە ئەو تێکستە هەمووی تا کۆتایی نووسراوە، لە دەرەوە لە شوێنێک لە شوێنەکانەوە، لە ناخی منەوە نا، تەنیا هەر ئەوە مایەوە ئەو تێکستە بنووسرێ پێش ئەوەی گوم بێ.

جاروبارێک من دەتوانم ئاوها بکەم بێ ئەوەی گۆڕانکاری بکەم، هەندێ جاری دیکە دەبێ من وەک چۆن بڵێی بەدوای ئەو تێکستەدا بگەڕێم [تا کۆتایی نووسراوەکە] بۆ ئەوەی بینووسم، دەستکاری بکەم، هێواش هەوڵ بدەم ئەو تێکستە تەواو [تا کۆتایی نووسراوە] بدۆزمەوە.

من کە نەمدەویست بۆ شانۆ بنووسم، وا کەوتەوە پەنجا ساڵ بەتێکڕایی تەنیا شانۆ بنووسم، ئەوجا ئەو شانۆنامانەی دەشم نووسین، لەگەڵ ئەوەشدا نمایش دەکران، بەڵێ پاشان لەگەلێ لە وڵاتان بوون بە بەرهەمگەلێکی زۆر.

من ئێستاش لەوە تێ ناگەم. ژیان شتێک

نییە تێی بگەیت، ئەوەش دیسان مایەی تێگەیشتن نییە کە من لێرەدا وەستاوم و هەوڵ دەدەم شتێک کەم، یان زۆر وشەی هۆشمەندانە لەبارەی شیعر نووسینەوە بڵێم بەهۆی ئەوەی کە من خەڵاتی نۆبڵ- م پێ دەدرێ.

ئەوجا ئەوەی کە من خەڵاتم پێ دەدرێ پێوەندی، ئەوەندەی من بزانم، هەم بە دراماکانم و هەم بە پەخشانەکانمەوە هەیە. دوای ساڵانێکی تاڕادەیەک تەنیا نووسینی دراما، کتوپڕ هەستێکی ئاوها دروست بوو کە ئیدی بەسە، بەڵێ [نووسینی دراما] سنووری پێویستی بەزاند، ئیدی من بڕیارم دا بەتەواوەتی واز لە دراما نووسین بهێنم.

بەڵام نووسین بێگومان بووبوو بە خوویەک کە من بێ ئەو هەڵم نەدەکرد- ڕەنگە کەسێک لەگەڵ مارگرێت دۆراس (٥)دا ئەوە ناو بنێ نەخۆشی- پاشان بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە دەستم پێ کردبوو، بۆ پەخشان نووسین و شیعر، هەروەک ئەو کاتەی ماوەی دەساڵێک بوو بە هێمنی خەریکیان بووم، پێش ئەوەی وەک درامانووسێک بناسرێم.

ئەو دە- پازدە ساڵەی دوایی سەرقاڵی ئەوە بووم. کاتێک بەجیددی دووبارە دەستم بە پەخشان نووسین کرد، دڵنیا نەبووم لەوەی هێشتا من ئەوەم پێ دەکرێ. یەکەم جار تریۆلۆگی (٦) [سێینە]- کەم نووسی و ئەو کاتەی بۆ ئەو ڕۆمانە خەڵاتی ئەنجوومەنی ئەدەبی باکوورم وەرگرت، وەک شوێن پێ قایمکردنێکی گەورە ئەوەم ئەزموون کرد، وەک ئەوەی کە هەڵبەتە من شتێکم هەبووە وەک ڕۆماننووس پیشانی بدەم، پاشان سێپتۆلۆژییەکە [حەوتینە]- کەم نووسی.

لەکاتی نووسینیدا وەک نووسەر بەختەوەرترین کاتم ئەزموون کرد، بۆ نموونە ئەو کاتەی (ئەسڵە) یەکیان (ئەسڵە)کەی دیکەیان دەدۆزێتەوە، کە لە بەفردا کەوتووە و بەو شێوەیە ژیانی ڕزگار دەکات، یان لە کۆتاییەکەیدا، ئەو کاتەی ئەسڵەی یەکەم، قارەمانی سەرەکی، لە بەلەمێکدا، لە بەلەمێکی مۆتۆڕداری [ماسیگرتن و گواستنەوە]دا، لەگەڵ ئۆسلایکدا، کە باشترین و تەنیا هاوڕێیەتی، دوا گەشتی خۆی دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ خوشکەکەی ئۆسلایکدا، پێکەوە [هەرسێکیان] جەژنی کریسمس بکەن.

بیرۆکەی نووسینی ڕۆمانێکی دوورودرێژ هیچ لە مێشکی مندا نەبوو، بەڵام ڕۆمانەکە چۆن بڵێی خۆی خۆی نووسییەوە و ڕۆمانێکی دوورودرێژ دەرچوو. گەلێ دێرم ڕەوان و جوان لێ نووسی، بەجۆرێک کە هەمووی یەکسەر ڕێک بوو.

ئەوسا ئیدی من لەوەی خەڵک بە بەختەوەری ناوی دەبەن، نزیکترین بووم. تەواوی سێپتۆلۆژییەکە گەلێ بیرهێنانەوەی لەمەڕ زۆر لەوانەی دیکەی من نووسیومن لە خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام لەبەر ڕووناکییەکی دیکەدا دەبینرێن. ئەوەی یەک خاڵ لە هەموو ئەو ڕۆمانە دوورودرێژەدا نییە، شتێکی دەستکرد نییە. ڕۆمانەکە خۆی ئاوها بە ڕەوانی خۆی نووسییەوە، بە جووڵەیەک کە پێویستی بە خاڵ دانان نەبوو.

جارێکیان لە چاوپێکەوتنێکدا گوتم کە شیعر دانان جۆرێکە لە نوێژ. زۆر تەریق بوومەوە کاتێک ئەوەم بە چاپکراوی بینی، بەڵام پاش ماوەیەک دواتر خوێندمەوە، وەک دڵدانەوەیەکی گەورە کە فرانس کافکاش هەمان شتی گوتووە، ئێ ئیدی ڕەنگە- لەگەڵ ئەوەشدا...؟

کتێبەکانی سەرەتام هێجگار ڕەخنەی خراپیان لێ گیرا و منیش بڕیاری ئەوەم دا گوێ لە ڕەخنەگران نەگرم و دەبێ متمانەم بە خۆم

هەبێ، بەڵێ جێگیر لەسەر ئەو شێوەیەی خۆم بەردەوام بم. ئەگەر ئاوهام نەکردایە، بەڵێ ئەوە لەدوای ڕۆمانی یەکەممەوە «سوور، ڕەش» کە هێجگار خراپ لەسەری نووسرا، چل ساڵ لەمەوبەر، دەستم لە نووسین هەڵ دەگرت.

دواتر زیاتر ڕەخنەی باشم لێ دەگیرا و لەگەڵ ئەوەشدا خەڵاتیشم وەردەگرت، ئەوسا ئەوەم بیرهاتەوە پتەو مانەوە لەسەر هەمان لۆجیک گرنگ بوو، وەک گوێم بە ڕەخنە خراپەکان نەدابوو، نەدەکرا بهێڵم پێشکەوتنیشم کارم لێ بکات، من دەبووایە لەسەر ئەوەی خۆم دەمویست جێگیر بم، لەسەر ئەوەی خۆم بەردەوام بم.

پێموایە کە من توانیومە ئەوە بکەم و هەر بە ڕاستیش بڵێم لەو باوەڕەدام کە لە دوای وەرگرتنی خەڵاتی (نۆبڵ)یش من دەتوانم لەسەر ئەوە بەردەوام بم. کاتێک بڕیاردرا من خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب وەرگرم، نامەی ئەلکترۆنی و پیرۆزباییەکی زۆرم پێگەیشت، بێگومان ئەوە دڵخۆشی کردم، زۆربەی ئەو سڵاو ناردنانە ساکار بوون و خەڵکانێکی خۆشحاڵ، نووسیبوویان، [بە بیستنی هەواڵەکە] لە خۆشیاندا هاواریان کردووە، هەندێکی دیکە [نووسیبوویان] کە گریاون. ئەوە زۆر کاری تێ کردم.

ژمارەیەکی زۆر خۆکوژی لە بەرهەمەکانی مندا هەن. زیاتر لەوەی کە من پێمخۆش بێ بیری لێ بکەمەوە. من هەر لەوە دەترسام کە بەو شێوەیە من کاربکەم بۆ بەرەوا ناساندنی خۆکوژی. وەلێ ئەوەی ناخی جووڵاندم لە هەمووی زیاتر ئەوانە بوون کە بە وشەی ڕەوان نووسیبوویان کە بەرهەمەکانم نەخت و پوخت ژیانیانی ڕزگار کردووە.

تاڕادەیەک من دەمزانی کە نووسین دەتوانێ ژیان ڕزگار بکات، ڕەنگە ئەوە ژیانی خۆشمی ڕزگار کردبێ، بەڵام ئەوەی نووسینی منیش بتوانێ یارمەتیدەربێ بۆ ڕزگارکردنی ژیانی ئەوانی دیکە، بەڵێ ئەوە ئیدی هیچ شتێک ناتوانێ لەوە زیاتر دڵخۆشم بکات.

سپاس بۆ ئەکادیمیەی سویدی کە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی دامێ، هەروەها سپاس بۆ خوا.

**پەراوێزەکان:**

(١) شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ)، ساڵی ٢٠٠٨ کە لەلایەن وەرگێڕی ئەم گوتارەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و دەزگای ئاراس بڵاوی کردووەتەوە.

(٢) دوا ڕۆمانی یۆن فۆسەیە بەو ناوەوە، ساڵی ٢٠١٣ لە دوو بەرگدا بڵاوکرایەوە.

(٣) ئەسلە ناوی قارەمانی ڕۆمانەکەیە، هاوکات کارەکتەرێکی دیکەش لەو ڕۆمانەدا هەر ناوی ئەسلەیە.

(٤) کارەکتەرێکی دیکەی نێو ڕۆمانەکەیە بە هەمان ناوەوە.

(٥) خانمە نووسەرێکی فەڕەنسییە.

(٦) ناوی ڕۆمانێکی یۆن فۆسە.

**سەرچاوە:**

https://www.vg.no/rampelys/bok/i/kE-naMQ/her-er-jon-fosses-nobel-tale-reds-la-tok-spraaket-fraa-meg?fbclid=IwAR3_uW4cMs8_Veyc97jMA_xKvAvrQ0k-sw49kJz5pWKO7KTR8axz7yTuUat4

ڕۆژنامەی VG

07.12.2023

ستۆکهۆڵم